نزای: (اللهم اغفر لحينا وميتنا، وصغيرنا وكبيرنا، وذكرنا وأنثانا، وشاهدنا وغائبنا، اللهم من أحييته منا فأحيه على الإسلام، ومن توفيته منا فتوفه على الإيمان، اللهم لا تحرمنا أجره، ولا تفتنا بعده)

لە ئەبی هورەیرە وئەبی قەتادە ولە باوکی ئەبی ئیبراهیمی ئەشهەلیەوە (کە هاوەڵ بووە) -ڕەزای خوایان لێبێت- دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی لەسەر جەنازەیەک کرد، فەرمووی: «(اللهم اغفر لحينا وميتنا، وصغيرنا وكبيرنا، وذكرنا وأنثانا، وشاهدنا وغائبنا، اللهم من أحييته منا فأحيه على الإسلام، ومن توفيته منا فتوفه على الإيمان، اللهم لا تحرمنا أجره، ولا تفتنا بعده)*». *(واتە: خودایە، لە زیندوو ومردوو؛ وبچووک وگەورە؛ نێر ومێ؛ ئامادەبوو وئامادە نەبوو: ی ئێمە خۆش بە. خودایە، هەرکەسێک لە ئێمە ژیانی پێدەبەخشیت؛ بیژێنە -ژیانی پێببەخشە- لەسەر پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلام، وهەرکەسێک لە ئێمە دەیمرێنیت؛ لەسەر ئیمان بیمرێنە، خودایە لە پاداشتی -ئارامگرتن لە جیابوونەوەی ئەو- بێبەشمان نەکەیت، ولە پاش ئەو تووشی فیتنەمان نەکەیت -گومڕامان نەکەیت)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر نوێژی لەسەر جەنازەیەک بکردایە دەیفەرموو (واتای ئەمە دەگەیەنێت): خودایە، لە هەموو زیندوو ومردوو؛ وبچووک وگەورە؛ نێر ومێ؛ ئامادەبوو وئامادە نەبوو: ی مسوڵمانان خۆش بە. خودایە، هەرکەسێک لە ئێمە ژیانی پێدەبەخشیت؛ بیژێنە -ژیانی پێببەخشە- لەسەر پەیڕەوکردن ودەستگرتن بە ڕێنمایی وياساکانی شەریعەتی ئیسلامەوە، وهەرکەسێک لە ئێمە دەیمرێنیت؛ لەسەر ئیمان بیمرێنە، خودایە لە پاداشتی -ئارامگرتن لە جیابوونەوەی ئەو- بێبەشمان نەکەیت، ولە پاش ئەو تووشی فیتنەمان نەکەیت -گومڕامان نەکەیت--.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5021